# جیابونەوەی کوردستان تەنها ڕێگەچارەیە!!

zmnaco@yahoo.co.uk زمناکۆ عزیز

زیاتر لەسێ مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراقدا تێپەڕبووە، بەڵام تائێستا نەحکومەتی ئەمریکاو نەهاوپەیمانەکانی لەناوخۆی عێراق، نەیانتوانیوە لەسەر چوارچێوەیەك بۆ حکومەتی ئایندەی عێراق ڕێك بکەون، وە ئاسۆیەکیش نیە کەبتوانن لەئاییندەدا بگەنە وەها ڕێکەوتنێك، بگرە قڵشتی نێوان خودی هاوپەیمانانی دوێنێی ناو لیستەکانیش چەندبەرابەر زیادی کردوەو ئەگەری ڕودانی شەڕی قەومیو تائفی زۆربەهێزترە لەئەگەری دروستکردنی کابینەیەکی نوێی حکومەت کەبتوانێ وەڵامدەرەوەی لانی کەمی نیازەکانی هەرکامە لە لیستەکانو خودی ئەمریکا بێت.

ئەگەر هۆکاری ئەم قەیرانە بۆ هێزو بزوتنەوەکانی ناوخۆی عێراق، بۆ فراوانکردنەوەی سنوری دەسەڵاتو زیادکردنی سەهمی خویان لەناو حکومەت، لەسەر حسابی لایەنی بەرامبەر بگەڕێتەوە، ئەوا بۆحکومەتو ئیدارەی ئەمریکی نیشانەی شکستخواردنی نەخشەو بەرنامەو سیاسەتەکانیانە لەعێراقدا. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی ئەو بێ ئاسۆییەیە کە باسی لێوەدەکرێت. ئامارەکانی خودی پنتاگۆن دەڵێن لە ئایاری 2003وە تا سەرەتای 2006 نزیکەی سێ هەزار سەربازی ئەمریکی لەعێراقدا کوژراون، ئەمە جگە لەبریندارو زیانە سەربازییەکانی تر، کردەوە تیرۆریستیەکان بەجۆرێك زیادیان کردوە، کە ئەمریکای ناچار بە سات‌وسەودا کردوە لەگەڵ گروپە تیرۆریستەکانو چەندین تەنازولاتیشیان بۆکراوە، بەڵام ئەوە ئەوانن کە بە کەمتر لەچونەدەرەوەی ئەمریکا ڕازی نابن، لێدوانەکان‌ونیگەرانیەکانی حکومەتی جەعفەری- تاڵەبانی سەبارەت بەم بەندوبەستەی نێوان ئەمریکاو تیرۆریستانو نارەزایەتیان لەسەری، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە باسی لێوەدەکرێت، لەڕووی ژیانو گوزەرانی کۆمەڵایەتیشەوە بۆ جەماوەری خەڵك، وێڕای ئەوەی کە خەڵکی لە سەرەتاییترین مافەکانی بێبەش کردوە، هاوکات قڵشتی گەورەشی لەنێوان خەڵکدا دروست کردوە، بەجۆرێك کەس نەتوانێ حەساسیەتی شیعە بەسوننە و سوننە بەشیعەو کورد بەهەردوکیانو هەردوکیان بەکورد نکۆڵی لێبکات، بەعەمەلیش شەڕی خوێناوی وکوشتار لەنێوانیاندا ڕوویداوە.

ئەمریکا لەسەر ئاستی ناوچەکەش هەردووچاری شکستو پاشەکشەی سیاسی هاتوەتەوە، نەپرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی بەجێگەیەك گەیشتو نە شەڕی دژبەتیرۆری توانیویەتی ئیسلامیەکان لاواز بکات، تەنانەت بەهۆی چەوتی سیاسەتەکانیەوە خەریکە ئەمنیەتی ئیسرائیلیش لەدەست بدات، کە زیاتر لەنیوسەدەیە پارێزگاری لێدەکات، یاسای سزادانی سوریا نەك هەر نەبوەتە هۆی پەراوێزخستنی سوریا، بەڵکو وەزارەتی ناوخۆی عێراق لەبەیاننامەی ئەم هەفتەیەیدا دەڵێت کە ڕەزامەندی نواندوە لەسەر کردنەوەی سەفارەتی سوریا لەعێراق، ئێرانیش فایلی ئەتۆمیەکەیو دەرونەخشی لەناوخۆی عێراق ئەوەندەیتر ڕەوڕەوەی شکستی سیاسیو سەربازی ئەمریکای لەعێراقدا خێراترکردۆتەوەو لەجیاتی زۆربوونی فشارەکانی ئەمریکا بۆسەر ئێران لەپەیوەند بە مەلەفی ئەتۆمیەوە، کەچی قسەیان هاتوەتەسەر ئەوەی کە لەسەر مەلەفی عێراق پێکەوە ووتوێژ بکەن....هتد، هەموو ئەمانە ناتوانن ئاسۆیەك بهێننەبوون کە بەقازانجی دروستکردنی حکومەتێکی درێژخایەنی خاوەن دەسەڵات بێت لەعێراقدا.

وەبەو پێیەی کە کوردستانیش بەشێکە لەعێراقو ئەوەی لەوێ ڕوودەدات کوردستانیش لەژێر کاریگەریدا قەرارئەگرێت، ئەونائارامیو پشێویو بارەناهەموارەی شارەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرەو کوردستان ئەگواسترێتەوەو، ئەگەر هەلومەرج بەم شێوەیەی ئێستا بچێتەپێشەوە، ئەوا دوور نیە لەکەرکوك ڕواندایەکی تر ڕوودەدات‌و چەندین هەزارکەس ببنە قوربانی شەڕی قەومیوتائفی.

ئەم واقیعیەتە نە لای قیادەی کوردیو یەکێتیو پارتی شاراوەیە، وە نە ئامادەشن لە خەتەری ئەم هەلومەرجە هۆشداریەك بدەنە خەڵکی کوردستانو ڕاستیەکانیان بۆ ڕوونبکەنەوە، هۆکاری مانەوەیان (پارتیو یەکێتی) لەبەغدا دیارە بەشێکی بەهۆی ئەوفشارانەوەیە کەلەسەریانە لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵام سەرەکیترین هۆکار ئەو بەرژەوەندیو بەشە دەسەڵاتەیە کە ساڵەهایە پێشمەرگایەتی بۆ ئەکەن. ئەمە ستراتیژی بزوتنەوەی کوردایەتی بووە بەدرێژایی شۆڕشەکانی خەڵکی کوردستان لەڕابردووو ئێستاشدا. بۆیە لەم نێوەدا ئەوەی حسابی بۆ نەکرابێت بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە، کە لەم بەندوبەستو مامەڵەیەدا تەنها کوێرەوەریو ڕۆژڕەشیەکانی ساڵانی ڕابردووی بۆ ئەمێنێتەوە.

ئێستا ئیتر هیچ بوارێك نەماوەتەوە بۆ خەڵك کە لەمەوقیعیەتی تەماشاچیدا بن‌وچاوەڕوانبن تا سەرکردەکانیان شتێکیان بۆبکەن یا بڵێن، بەڵکو ئەبێت خەڵكو هێزە سیاسیەکانی کوردستانو دامودەزگاکانی کۆمەڵگا فشارێك بهێنن بۆ هەردوو حزب و ناچاریان بکەن کە دەستبەرداری ئەو سیاسەتە چەوتانەیان بن، لەئێستادا تەنها ڕێگاچارە جیابوونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە لەکوردستان، ئەویش لەڕێگەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی ئازادو بەسەرپەرشتی ناوەندە ڕەسمیە نێودەوڵەتیەکان بۆ ئەم بەشەی کوردستان کە پانزەساڵە ئازادکراوە، هەرچی ناوچەکانی تریشە ئامادەکاری بکرێت بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکەیو لەوێش بەهەمان شێوە ڕیفراندۆم ئەنجامبدرێت، کە لەئێستادا ئاشکرایە ئەگەر دەوڵەتی تازە دامەزراوی کوردستان دەوڵەتێکی مۆدێرنی غەیرە قەومی بێت‌و مافی هاوڵاتیبوونی یەکسان بۆ هەموان دابین بکات، ئەوا گومان نیە خەڵکی غەیرەکوردیش لەنێوان دەوڵەتێکی وەها، لەچاو حکومەتی ناوەندی بەغدای ژێر دەسەڵاتی کۆنەپەرستو کۆنەجەنەراڵەکانی بەعس، دەنگ بە جیابوونەوەو چونەسەر کوردستان دەدەن.

ئاشکرایە کە ئەم ڕێگایەش بێدەردی سەرو بێبەڵا نابێت، بەڵام زیانەکانی ڕیسکێك کە لێرەدا بکرێت هەرگیز نیوچارەکی زەرەروزیانەکانی ئەوڕیسکە نیە کە ئێستا بەڕێوەیە بۆ فەرزکردنەوەی ئیلحاقی ئیجباری بەسەر کوردستاندا. خەڵکی کوردستانیش دوای بەهاری 1991و وەدەرنانی ڕژێمی بەعس لەکوردستان لە پشتیوانیەکی فراوانی جەماوەری لەسەراسەری جیهاندا بەهرەمەندە، کەئەوانیش بەئەندازەی خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ جیابوونەوە لەعێراق ئەتوانن دەور بگێڕن لە پاراستنی خەڵکی کوردستانو دروست بەڕێوەچوونی پرۆسەی ڕیفراندۆمەکە. ئیستا هیچ ڕێگایەکی تر نیەو ئەگەر بمانەوێت دوربین لە بەڵای شەڕو کوشتار ئەبێت ڕێگای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمو جیابوونەوەی کوردستان هەڵبژێرین.